بەبۆنەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) سەرۆک کۆمار پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆك كۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن محەمەد (د.خ) پیرۆزبایی لە گەلی عێراق و هەموو موسوڵمانانی جیهان کرد.

سەرۆك كۆمار لە تویتەكدا نوسیویەتی: پیرۆزبایی خەمان ئاراستەی گەلی عێراق و ئومەتی ئیسلامی دەكەین بەبۆنەی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری پیرۆز محەمەد (د.خ)، بە وێبیرهێنانەوەی ژیاننامەی پێغەمبەرایەتی بڕرز و ئەو بەها باڵایانەی كە داوای كردبوو لە دامەزراندنی بنەماكانی حەقیقەت و دادپەروەری و پێكەوەژیان لە نێوان ئومەت و گەلاندا.

ئاماژەی بەوەشكرد: بەم بۆنە خۆشەویستەوە جەخت لەسەر گرنگی یەكخستنی ڕیزەكان دەكەینەوە بە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەكەمان و گەلەكەمان بە هەموو پێكهاتەكانیەوە، هەروەها كاركردن بە بنیاتنانی ئایندەیەكی خۆشگوزەران كە لەگەڵ ئاواتەكانی عێراقییەكان بگونجێت بە ژیانێكی شایستە.